# بەسەرهاتی ئەو سێ کەسەی ناو ئەشکەوتەکە

[ بە کوردی ]

قصة الثلاثه الذين هم في الغار

[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : سەرباز حەمید کەرکوکی
الكاتب : سرباز حميد قادر كركوكي

پێداچونەوە: پشتیوان سابیر عەزیز
المراجعة:بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( ڕەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة
بمدينة الرياض

**2009 -1430**

islamhouse.com

# بەسەرهاتی ئەو سێ کەسەی ناو ئەشکەوتەکە

حدثنا إسماعيل بن خليل ، أخبرنا علي بن مسهر ، عن عبيد الله بن عمر ، عن نافع ، عن ابن عمر رضي الله عنهما ، أن رسول الله صلى الله عليه وسلم ، قال : " بينما ثلاثة نفر ممن كان قبلكم يمشون ، إذ أصابهم مطر ، فأووا إلى غار فانطبق عليهم ، فقال بعضهم لبعض : إنه والله يا هؤلاء ، لا ينجيكم إلا الصدق ، فليدع كل رجل منكم بما يعلم أنه قد صدق فيه ، فقال واحد منهم : اللهم إن كنت تعلم أنه كان لي أجير عمل لي على فرق من أرز ، فذهب وتركه ، وأني عمدت إلى ذلك الفرق فزرعته، فصار من أمره أني اشتريت منه بقرا ، وأنه أتاني يطلب أجره ، فقلت له : اعمد إلى تلك البقر فسقها ، فقال لي : إنما لي عندك فرق من أرز ، فقلت له : اعمد إلى تلك البقر ، فإنها من ذلك الفرق فساقها ، فإن كنت تعلم أني فعلت ذلك من خشيتك ففرج عنا ، فانساحت عنهم الصخرة ، فقال الآخر : اللهم إن كنت تعلم أنه كان لي أبوان شيخان كبيران ، فكنت آتيهما كل ليلة بلبن غنم لي ، فأبطأت عليهما ليلة ، فجئت وقد رقدا وأهلي وعيالي يتضاغون من الجوع ، فكنت لا أسقيهم حتى يشرب أبواي فكرهت أن أوقظهما ، وكرهت أن أدعهما ، فيستكنا لشربتهما ، فلم أزل أنتظر حتى طلع الفجر ، فإن كنت تعلم أني فعلت ذلك من خشيتك ففرج عنا ، فانساحت عنهم الصخرة حتى

نظروا إلى السماء ، فقال الآخر : اللهم إن كنت تعلم أنه كان لي ابنة عم ، من أحب الناس إلي ، وأني راودتها عن نفسها فأبت ، إلا أن آتيها بمائة دينار ، فطلبتها حتى قدرت ، فأتيتها بها فدفعتها إليها ، فأمكنتني من نفسها ، فلما قعدت بين رجليها ، فقالت : اتق الله ولا تفض الخاتم إلا بحقه ، فقمت وتركت المائة دينار ، فإن كنت تعلم أني فعلت ذلك من خشيتك ففرج عنا ، ففرج الله عنهم فخرجوا " ،حديث صحيح متفق عليه .

واته: عەبدوڵای کوری ئیمامی عومەر ( خوای لیێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت لەپێغەمبەری خوام (درووودو سەلامی خوای لەسەربێت) بیستووەدەیفەرموو لەسەردەمی پێش ئێوە،جارێکیان سێ کەس دەبنەهاوڕێ لەڕێگا شەویان لێ دادێت ، بۆ حەوانەوەڕووو دەکەنەئەشکەوتێك پاش ئەوەی کەدەچنەناوی قەدەری خوای گەورە، لەلوتکەی چیاکەوەبەردێکی گەورەگل دەبێتەوەو بەتەواوەتی بەردەم ئەشکەوتەکەدەگرێت،زۆر هەوڵ دەدەن بەهیچ جۆرێك بەردەکەیان بۆ ناجوڵێت.ناچار دەکەونە پاڕانەوەو لەناو خۆیان دا دەکەونەگەڕان بەدوای ڕێگە چارەیەکدا کەخۆیانی پێ ڕزگار بکەن ، دوایی لەسەر ئەوەڕێك دەکەون کەهەریەکەیان باسی کردارێکی باشەی خۆی بکات بەڵکو خوای گەورەبەزەیی پیایاندا بێتەوە .

یەکەم ووتی:

خوایەخۆ تۆ خۆت دەزانیت کەمن باوك ودایکێکی زۆر پیرو پەککەوتەم هەبوو، هەموو ئێوارەیەك تا ئەوانم تێر نەکردایەنەم دەهێشت کەس دەم لەهیچەوەبدات، ڕۆژیکیان بۆ دارخڕکردنەوەزۆر دوور کەوتبوومەوە ئێوارەیەکی زۆر درەنگ

گەڕامەوە،کاتێك خواردنم بۆ بردن بینیم خەویان لێ کەوتووەدڵم نەدەهات لەخەو خەبەریان بکەمەوەو نەشمهێشت کەس پێش ئەوان نان بخوات.ئەوشەوەبەدیار ئەوانەوە بەپێوەڕۆژم کردەوەقاپەکەشم هەر بەدەستەوەبوو ماڵ ومنداڵیش لەبرساندا هەر زاکەزاکیان بوو.لەگەڵ سپێدەی بەیان ، خەبەریان بۆوەئیتر خواردنەکەم دانێ.خوایەئەگەر من ئەوەم لەبەر خاتری تۆکردووە، لەم بەردە،ڕزگارمان بکە.ئیتر بەردەکەتۆزیك جووڵاو درزی تێکەوت.بەڵام ئەوەندەنەبووکەمرۆڤ بتوانێ لێوەی بێتە دەرەوە.

دووەمیان ووتی:

خوایەمن کچەمامێکم هەبوو زۆر زۆرم خۆش دەویست وەك بەهێزترین خۆشەویستی نێوان ژن وپیاو هەمیشە کەدەچووم بو لای لێم دووردەکەوتەوەو بۆم نەرم نەدەبوو.تاساڵێکیان بەهۆی نەهاتی و هەژاریەوەپەنای بۆ هێنام ، داوای یارمەتی لێکردم.منیش بیست دینارم دایە، بەو مەرجەی چیم بوێت لەگەڵیدا بیکەم.ئەویش بەناچاری ڕازی بوو کاتێك کەلێی نزیك بوومەوە ، ووتی لەخوا بترسەو بەناحەق ئابڕووم مەتکێنەئیتر منیش لەگەڵ ئەو هەمووحەزو خۆشەویستیەدا وازم لێ هێناو، پارەکەشم لێ نەستاندەوە.خوایەلەپاداشتی ئەوەدا بەزەییت پێماندا بێتەوەو لەم تەنگەژەیەڕزگارمان بکە. بەردەکەمێکی تر جووڵاو،بەڵام دیسان ئەوەندەنەبوو کەبتوانن لێی بچنەدەرەوە .

سێ یەم ووتی:

خوایە خۆت دەزانیت چەند کرێکارێکم بەکرێ گرت ئیشێکم بۆ بکەن پاش تەواو بوونی ئیشەکەبێجگەلەیەکێکیان کرێی

هەموویانم دا ، ئەوەیان کرێکەی وەرنەگرت و ڕۆیشت .منیش ئەو پارەی کرێیەم بۆ خستەئیشەوە .گەشەی کرد پاش ماوەیەکی زۆر هاتەوەو داوای کرێیەکەی لێ کردم منیش پێم ووت ئەو هەموو حوشترو مەڕو ماڵاتەی دەیبینیت هەمووی هی خۆتەفەرموو هەڵیان گرەبۆ خۆت، ئەویش ووتی : وادیارەتۆ گاڵتەم پێ دەکەیت ؟ ووتم : نەخێر هەر بەڕاستی ئەوانەهەموو هی تۆن و لەپارەکەی خۆت کەوتوونەتەوە. ئیتر پێش خۆی دان و ڕۆیشت.خوایە لەپاداشتی ئەوەدا تۆش بەزەییت پێماندا بێتەوەو ڕزگارمان بکەئیتر بەردەکەبەتەواوی لاچوو، پیاوەکانیش بەسەلامەتی ڕزگاریان بوو.

ئەم بەسەرهاتە چەند وانەیەکی تێیدایە، لەوانە:

١-ڕێگای رزگاربوون لەکاتی تەنگانە، گەڕانەوەی بەندەیەبۆ لای خوای گەورەودوعاکرنەلێی. چونکەهەر خوای گەورەیەهەموو شتێکی بەدەستەووەڵامی بەندەکانی دەداتەوەلەکاتی خۆشی ناخۆشی.

٢ - نیاز پاکی وخۆیەکلاکردنەوەبۆ خوای گەورەلەکاتی ئەنجامدانی کردوە، شوێنەواری گەورەی هەیەلەلابردنی ناخۆشی وتەنگانەدا.

٣-دەبێت مرۆڤی موسڵمان کردەوەی چاکی هەبێت لەکاتی خۆشیدا، بۆ ئەوەی فریای کەوێت لەکاتی ناخۆشی و تەنگانەدا.

٤ - لەم بەسەرهاتەوەبۆمان دەردەکەوێت کەوا نەبوونی و هەژاری شوێنەواری خراپی دەبێت سەر بڵاوبونەوەی بەدڕەوشتی و فاحیشە؛ چونکەئەو ئافرەتەی کەلەم فەرمودەیەهاتوەنیازی نەبووەخراپەکاری بکات، بەڵام هەژاری وای

لێی كرد كەئامادەبێت كچێنی خۆی لەدەست بدات، بەڵام خوای گەورەپاراستی..بۆیەئاینی پیرۆزی ئیسلام بەهەموو شێوەیەك دژایەتی هەژاری دەكات و، زەكاتی فەرز كردوەلەسەر دەوڵەمەندەكان بۆ ئەوەی یارمەتی هەژاران بدەن .

٥-هەر میللەتێك ڕەوەشتی جوانی تێیدا بڵاو بێتەوە،ئەو میللەتەسەركەوت و سەرفراز و بەختەوەر دەبێت.

لە كۆتاییدا داواكارم لە خوای گەورە یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز و سوننەتەكانی پێغەمبەری خوا ـ صلی الله علیه وسلم ـ جێ بەجێ بكەیین بە باشترین شێوە.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

سەرچاوە: سایتی ڕێگای ڕاستی بەدەستكاریەوە